


ئامادە کردنی:

بۆکان:
محەمەد ئەمین شاسەنەم: ٦٢٢١٣٤٠
عەلی جەوشەنی: ٦٢٤٢٩٢١
E-mail: nawendikurdika@yahoo.com

# تاپۆی وەرزێکی سەوز

شێعر

ئەمین گەردیگلانی

تاپۆی وەرزێکی سەوز
ئەمین گەردیگلانی
پیتچن: م. شاسەنەم (٠٤٨٢-٦٢٢١٣٤٠)
وێنەی رووبەرگ: محەمەد رۆستەمزادەی بۆکانی
چاپی دووەم
تیراژ:
چاپخانە: شعاع
ناشر: نووسەر
لیتوگرافی: رنگین
سەحافی: پاپیروس
نرخ:

**پێشکەشە بە :**

- رۆحی خاڵم "هاشم خاکپوور"
  کە دنیای شێعر و خۆشەویستی پێناساندم.
- هیوای سەوزی ژیانم "ئارام"

**نێوەرۆک:**


تیشکی یاد ........ ٧
باوشی ئەوین ........ ٩
بۆ بەجێت هێشتم ........ ١١
گوڵبزە ........ ١٣
باوەشی باران ........ ١٥
جێژوانی هەتاو ........ ١٧
نیگای پڕهەست ........ ٢٠
بەردەباز ........ ٢٢
سووتان ........ ٢٤
دڵتەنگی ........ ٢٦
ئامێزی خەیاڵ ........ ٢٨
ناڵەی دەروون ........ ٣٠
بێوەفایی ........ ٣٢
بۆ مامۆستا عوبەیدیللا فەقێ کەریمی ........ ٣٤
غەزەل ........ ٣٦
بێزاری ........ ٣٨
نیو نیگایەک ........ ٤٠
دڵتەنگی ........ ٤٢
بێ تۆ ........ ٤٧
چاوەڕوانی ........ ٤٩
ماسی نیگا ........ ٥١
دیمەنی چەن تابلۆی سووتاو بە دیواری شێعرێکەوە ........ ٥٣
تیشکی خەیاڵ ........ ٥٧

بێشکەی شێعر ..... ٥٩
ناڵەی دەروون ..... ٦١
بۆسەی ناکامی ..... ٦٣
بۆ هەڵەبجە ..... ٦٥
وایلۆک ..... ٦٧
تابووتی دڵ ..... ٦٩
دەردی دڵ ..... ٧١
ورە ..... ٧٣
یاد ..... ٧٥
خۆزگە ..... ٧٧
ئەرخەوان سوور ..... ٧٩
زامی خەیاڵ ..... ٨١
پایزە ..... ٨٣
دڵی نالی ..... ٨٥
رچە ..... ٨٧
گریان ..... ٨٩
قوربانی ..... ٩٠
سکاڵا ..... ٩١
هیوا ..... ٩٣
شەو ..... ٩٥
تاسە ..... ٩٧
تەوژمی خەم ..... ١٠٠
خۆشەویستی ..... ١٠٢
هەوای شێعر ..... ١٠٤
دیاری ..... ١٠٦
دەردی دووری ..... ١٠٨
لە کووچەی سەوزی ئیلهاما ..... ١١٠
دڵی تینوو ..... ١١٢
دڵ ..... ١١٤
شۆرەکاتی دڵ ..... ١١٥
تەوری ئەجەل ..... ١١٧
تەنیایی ..... ١١٩
شایی ماتەم ..... ١٢١
راز ..... ١٢٣
«بەڵگە» ١ ..... ١٢٥
«شۆڕش» ٢ ..... ١٢٧
ئیلهام ..... ١٢٩
هەواڵ ..... ١٣١
باداک ..... ١٣٣
چاوەڕوانی ..... ١٣٤
رێچکەی نیگا ..... ١٣٦

# تیشکی یاد

که ئاسۆ تۆزی شەو دەپژێ بە سیمای ئەرخەوانیدا
بە کوڵ دەگریم لەگەڵ سۆڵەی کزی ئەستێرەکانیدا
شەوێ تا ڕۆژ بە هەوداییکی یادت هەڵدەواسم دڵ
بە بەژنی بەرزی داری ئەشق و تاسەو چاوەڕوانیدا
وەکوو جۆلانەیە و کۆرپەی خەیاڵی تۆی لە نێودایە
هەناسەم رایدەژێنێ بۆئەوەی تاوێ وچانی دا





لەگەڵ یاد و خەیاڵی تۆ وەها تێکەڵ دەبێ هەستم
روحم، ئەشقت دەلاوێنێ، لە ئامێزی نیانیدا
تروووسکە و تیشکێ وا دڵ شەو لە نیگای یادی تۆی دیوە
گوڵی نەورۆزە نەیدیوە، لە پڕشنگی بەیانیدا
شەو و ڕۆژی دڵی شاعیر وەکوو یەک روون و زێڕینن
ئەبەد دووڕەنگی نابینی، لە ئاسمانی ژیانیدا

ڕەشەمەی ١٣٧٠ هەتاوی

## باوشی ئەوین

وەخەی کە بەختی خەوتووم پێلووی سڕی هەڵێنا
وەفا و ئەوینی بینی لە نێو دڵی بەڵێنا
خەیاڵ و خەون و تاسە، هاتوونە ژوانگە بۆ دڵ
هومێد و شادی تەنگی بە ژان و خەم هەڵێنا
رەوی مژی پەژارە، لە سەر چیای مرادم
کە خۆرەتاوی هیوا، سەری لە کەل دەرێنا





سەفا خزا لە هۆدەی سڕ و کڕ و بە سامم
پەری رووناکی مۆتەی رەشی شەوی رەپێنا
شەوانی زۆر بە بێ تۆ، لە ژووری تار و سەردا
لەشی سڕم تلاوە، لە ئەشک و زووخ و خوێنا
دەناڵی تێلی تاری دڵم بە دەستی مەینەت
بە یادی تۆ لە بەستەی خەمین و دڵهەژێنا
دڵی رەشی شەوانم بە ناڵە دەسمی هەر شەو
دەمێ مژۆڵی ماندووم بە سەر یەکا نەهێنا
لە پێخەف و سەرینم دەتگوت چقڵ رواوە
لە من نامۆ ببوو خەو، ئۆقرەم نەبوو لە نوێنا
بە هاتنت ئەمێستا، کەسەر بە بێ ئەسەر ما
بەرەو دیاری بیرچوون پەژارە باری لێنا
وەخەی دڵم حەساوە لە باوەشی ئەوینا
وشک بوو ئەشکی سوورم لە چاوی خوێن دەڵێنا

گەلاوێژی ١٣٧١ هەتاوی

# بۆ بەجێت هێشتم

دڵم خنکا لە نێو گێژاوی خەمدا بۆ بەجێت هێشتم؟
روحت بردم، لەشی سەردم بە جێما بۆ بەجێت هێشتم؟
بزەی مانگە شەویش تۆرا لە هۆدەی سەرد و تاریکم
لە نێو ئەم گۆڕەدا جەستەم پڕووکا، بۆ بەجێت هێشتم؟
لە ژێر هەنگاوی شەوبادا گەڵای ویشک کە خشپەی دێ
دەلەرزم، دادەخورپێ دڵ، لەگەڵیا، بۆ بەجێت هێشتم؟





لەترپەی پێت دەچێ وا شەو دەهاتی دەست لە ئەستۆم کەی
دڵم تەنگە ـ گوڵم ـ ئەمشەو بە تەنیا بۆ بەجێت هێشتم؟
گوڵم، بێ تۆ لەشی سەردەم وەکوو بابردەڵە و پووشە
کە باهۆزی مەرگ دێ رۆژێ دەمبا بۆ بەجێت هێشتم؟

خەزەڵوەری ١٣٧١ هەتاوی

---

باهۆز: باگەڕ، گێژەڵووکە.

# گوڵبزە

نە گوڵبزەی گەشی ئەوین، لە سەر دڵم دەپشکوێ
نە تیشکی خۆرەتاوی ژین، لە سەر دڵم دەپشکوێ
بەڵام گوڵم کە بێم و لێو لە لێوی پڕ بزەت بسووم
چرۆی سەدان حەز و ئەوین لە سەردڵم دەپشکوێ
کە هەوری قژ تەڕی خەیاڵ دەپۆشی ئاسمانی بیر
برووسکەی شێعری ئاگرین لە سەر دڵم دەپشکوێ





دەچۆڕێ ئەشکی گەش بە کوڵ لە چاوی هەستی ناسکم
کە لێوی پڕ لە سۆی برین لە سەر دڵم دەپشکوێ
شێعر تەوژمی ئەشقە، دڕ بە کۆڕی ژان و خەم دەدا
کە ژیلەمۆی کوڵ و گرین لە سەر دڵم دەپشکوێ
کە کوڵمی زەردەپەڕ شەڵاڵی خوێنی زەردی ڕۆژ دەبێ
چەمی ڕەشی شەوی خەمین لە سەر دڵم دەپشکوێ
مەمم، دەمێ کە یادی تۆ دەزێتە نێو لەشی سڕم
گوڵی هەتاوی ئەشقی زین لە سەر دڵم دەپشکوێ

ڕێبەندانی ١٣٧٤ هەتاوی

# باوەشی باران

**خەم دڵی خستوومە جەغزی ئاگری ژانێکەوە**
**هەر شەوەی دەخزێمە رۆحی سەوزی گریانێکەوە**
**بویە شەو ، ئەشکم دەبێتە گوڵ وشەی شێعری ئەوین**
**رۆژ ، نیگام دەدرووم بە تیشکی نیو نیگای جوانێکەوە**
**گوندی ژینم بۆتە جاڕی خوێن و فرمێسک و برین**
**بۆنی مەرگە و دێ لە نێو هەر ماڵ و کۆڵانێکەوە**





**رۆژ فەلای بیرم ، لە مەزرای دڵ ، دەچێنێ تۆوی ژین**
**هەر کە شەو دێ ، وێڵە بە دوای رەنگ و بۆی نانێکەوە**
**پێ لە هەر جێگایە دانێم ، تیغ و پشکۆ و ئاگرە**
**بۆ پشوودان بچمە ژێر کەپری چ ئاسمانێکەوە**
**ئەو مەلانەی ساڵەهایە لەم هەرێمە کوچ ئەکەن**
**ئاخۆ چوونە نێو رکەی قینی چ یەزدانێکەوە؟!**
**زایەڵەی هاواری شێعری دڵ بەژانی ئەمشەوم**
**چۆتە شمشاڵی دڵی خنکاوی چ شوانێکەوە؟**
**دڵ ، رەگی تینووی درەختی ئەشقی ژینە ، بۆیە من**
**سەردەنێمە باوەشی گشت قەترە بارانێکەوە**

ڕەشەمەی ١٣٧٤ هەتاوی

## جێژوانی هەتاو

ڕێبوارێکم هەگبەی ژان و خەمەکانم لە کۆڵ ناوە
پەری شێعر بانگم دەکا لەو دیوی دوندی چیاوە
نیگای بزرکاوی هەتاو وەک پۆلوویەکی نیوە گیان
لە ژێر برۆی خۆڵەمێشنی هەورێکا قەتیس ماوە
ئاسۆی خەمناک و تەماوی وەک لەشی بێ تینی پاییز
سەری لە سەر سنگی سارد و سڕی ئێوارە داناوە





هەناسەی پڕ تەزووی ئازار لەم تەنگی ئێوارێیەدا
وەک گەردەلوولێکی بەسام لە مێشەی هەستم هاڵاوە
باوەشیان بۆ تەرمی گەڵای داری هیوام کردۆتەوە
ئەو شیوو جۆگانەی تارای قەوزەیان بە خۆدا داوە

◆ ◆

زەوی لە ئامێزی سڕ و سامناکی شەودا نوستووە
بەڵام ئەوین لە سەر ڕێما وەکوو مەشخەڵ داگیرساوە
ڕێگە دەبڕم گەرچی سەدان کوێرە ماری ناهومێدی
دەمی ژاراوی و چەپەڵیان لە زامی بەری پێم ناوە
مانگیش سەری کردۆتە سەرسنگی ڕەش و ساردی ئاسمان
فرمێسکی زەرد ئەبارێنێ، دڵی خەمناکە، تاساوە
بە سەر شانی ئەم شەوگارە خەمبارەدا هەنگاو دەنێم
سێبەرەکەم وەکوو کۆت و زنجیر لە لاقم هاڵاوە
هێند کەوتووم و هەستاومەوە، دڵی چیام تاساندووە
هەنگاوم ڕێگای هەڵەت و ڕژدی بە چۆکدا هێناوە
شەپۆلێکم، لێوارەکان خۆ لە ئاستم ڕاناگرن
شانەیەکم، بسکی ئاڵۆزکاوی زەریام داهێناوە
هەناسەی گەرمی بەهارم، سواری ئەسپی شەماڵ بووم
مۆژدەی سەوزی بووژانەوەم بۆ تەرمی زەوی هێناوە

**نیگای گەشی هەتاوێکم، هەڵاتووی ئاسۆی ئەوینم**
**سەدان چەپکە گوڵی تیشکم لە شابسکی چیا داوە**
**ڕێبوارێکم، دێوی ڕەشی ناهومێدیم بەزاندووە**
**چاوی هەتاو بانگم دەکا لە لووتکەی شاخی هیواوە**

جۆزەردانی ١٣٧٤ هەتاوی





# نیگای پڕهەست

**هەژا دڵم و رژا تکتک، لە چاوان شەونەمی ئەشکم**
**دڵم خۆی دایە بەر تاڤگەی زوڵاڵی زەمزەمی ئەشکم**
**بە چاوی سووری دوو چەم، ژان و خەم دەڕژێتە زەریای دڵ**
**تەوژم و گێژی پێل، ئەوقی دەکا ئەوشۆ گەمی ئەشکم**
**لە دڵما تووی هومێدم چاند و چاوەڕوانی بای ئەشقم**
**کەبێنێ هەور و بارانێ لە سەرچاوەی چەمی ئەشکم**

له چاوی هەوری هەستم هەر دڵۆپێکی که دادەڕژێ
وەکوو دەریایە، مەڕوانە تکانی کەم کەمی ئەشکم

◆ ◆

شنەی ـ با ـ کاتێ لەچکەی هەور و ساوی لادەدا، دەڕژێ
له تاسەی هەڵمژینی بۆی وەنەوشەی پەرچەمی ئەشکم!
رەدیف و قافیەش گەرچی دەشێوێ، بەو نیگای گەرمت
سەرنجێکی دڵم دە، باخی شێعرم بێتە بەر بەشکم
خەیاڵی شیرن و ئیلهامی سەوز و نێو نیگای پڕهەست
دڵی شێعرم دەبزوێنێ، دەڕێژێ نەم نەمی ئەشکم

خاکەلێوەی ١٣٧٣ هەتاوی

---

هەوروساو: جۆرێ لەچکەیە





## بەردەباز

بۆچی رەنجا ئەو دڵەت وا پڕ لە رازی تازەیە؟
ئەو نیگا گەرمەت کە کانگەی ئەشق و نازی تازەیە
دەردی دووریت بوو بە بوغزی تاڵی خەم قورگی خنیم
کپ بوو دەنگی دڵ، کە ناڵە و داد و گازی تازەیە
بۆتە چۆمێکی خوڕێن چاوم بە ئەشکی خەم، وەرە
بۆ بواریشت گلێنەم بەردە بازی تازەیە

◆ ◆

لاپەڕەی ڕۆحم بە واژەی داخ و خەم ڕەش بۆتەوە
بۆ مەبەست و رازی هەڵبەستم بەیازی تازەیە
گەرچی باخی کێش و سەروا لانەیە بۆ تەیری دڵ
ناخی هەستم پڕ لە ئیلهام و نیازی تازەیە
رووی لە گوندی خۆشەویستی کرد دڵە ئاوارەکەم
چون لەوێ دڵ بۆ غەریب گشت ماڵ و کازی تازەیە
دەیبڕم رێگەی ئەوین تا شوێنێ وا تاجی هەتاو
بۆ چیای بەرزی ژیان و شادی گازی تازەیە
ئەو درەختەم من، لە دڵما سەد لقم پەروەردە کرد
بۆ شکانم هەر لقی رۆژێ پوازی تازەیە
دەستی لەرزۆکم لە سەرڕێی دێڕەکان هەڵدەنگوێ
چون شکا پێنووس، کە بۆ پەنجەم وەکازی تازەیە

◆ ◆

گەرچی بێ هێز و کزی دەردەم، دنەی رۆحم دەدا
ئەو نیگا گەرم و گوڕەت وا پڕ لە نازی تازەیە

رەزبەری ١٣٧٣ هەتاوی

---

کاز: کوخ، ماڵی هەژارانە.

گاز: ١ـ هاوار، بانگ،٢ـ لووتکە، دوند، ترۆپک.

پواز: هۆرە





## سووتان

کە شەو دادەێ، لە نێو کوانووی خەمی تۆدا دەسووتێم
بە ژانی شێعرەوە دەگریم و دەمرم، یا دەسووتێم
لە زامی لێوی پێنووسم وشەی ئاگر دەبارێ
خەیاڵم هەڵدەقرچێ، وەک دڵی سەروا دەسووتێم
چیای ژینم لە ژێر بارانی ئەشکمدا پڕووکا
لە ناخیشا هەموو دەم گڕپژین ئاسا دەسووتێم

گوڵم، بۆ بسکەکەت نادەیتە بەر بارانی شێعرم؟
کەوا ئەمشەو لەگەڵ ئیلهام و فرمێسکا دەسووتێم
لە گوڵجاڕی نیگای چاوانی پڕ تاسەی غەزەلدا
ئەوەندەم چەپکە ئەسرین بۆ چنیی، ئێستا دەسووتێم
بەری پێم پڕ بلۆق و زامە، ڕێگەم دڕکەڵانە
دەڕۆم و سنگی وشکی ڕێگە دەبڕم تا دەسووتێم
یەخەی زەریای خەیاڵت شەرتە بەر نادەم، هەتاکوو
لە ئامێزی شەپۆلی سەوزی شێعرێکا دەسووتێم

جۆزەردانی ١٣٧٤ هەتاوی

---

گرپژین: گڕگان، ئاگرپژێن





## دڵتەنگی

شەو زرینگاوە بەڵام خەو لە چەمم زیزە گوڵم
دڵی سەوزی قەڵەمیشم لە خەمم زیزە گوڵم
خەمی تەنیایی گەرووی هەست و خەیاڵم دەگوشێ
بۆیە واژەی گەشی هیوا لە دەمم زیزە گوڵم
لەوەتا ژان و خەمت بوونە هەواڵی دڵەکەم
حەز و شادی لە هەموو کات و دەمم زیزە گوڵم

**گەرچی دوندی خەمە جێژوانی ئەوین، سەردەکەوم**

**ئەشق و حەز کوا لە وزەی پێ و قەدەمم زیزە گوڵم؟**

**خوێنی تیشـک لە دەمی شیری شەوی ڕەش دەتکێ**

**بۆیە پەروانە لە ئامێزی شەمم زیزە گوڵم!**

**بێ بەشم بەم شەوە تاریکە لە ئامێزی بەتین**

**بۆیەوا نیوەشەوە و خەو لە چەمم زیزە گوڵم**

ڕەشەمەی ١٣٧٢ هەتاوی





# ئامێزی خەیاڵ

**کە هەنگاوی خەیاڵم ڕێی شەوی سامناکی خەم دەبڕێ**

**بە دەنگی زایەڵەی ناڵەم خەوی شەوگاری کڕ دەزڕێ**

**دەڕێژم ڕۆندکی شێعرم بە یادی بسکی قەترانت**

**برووسکەی بیر، کە سینەی پڕ تەوژمی هەوری خەم دەدڕێ**

**لەچاوم ئەشکی روون دەڕژێ، هەتا دێ بووکی سووری خۆر**

بە پەنجەی زەرد و زێڕینی بە جێی تۆ چاوەکەم دەسڕێ
هەتا کیژی بەیان پەنجەی لە پەنجێرەی دڵم دەکوتێ
لە تەشقی تاری ئاسمانی خەیاڵتدا روحم دەفڕێ
بەڵێ، دڵ تا بەیان هەر شەو لە ئامێزی خەیاڵتایە
کە رۆژ بۆوە، دەتاسێت و لە نێو کوانووی خەما دەگرێ

سەرماوەزی ١٣٧١ هەتاوی





# ناڵەی دەروون

گوڵجاڕی دڵم سووتا ئەوشۆ بە شەپۆلی گڕ
جۆباری حەزم خنکا، زەنوێری بووە قاقڕ
چین چین قژی دارستان گەرچی هەموو هەڵقرچا
شەوگاری هومێدی من هەرما ڕەش و تار و سڕ
ناڵەی دڵەکەم گەرچی وەک هەوری بەهارانە
هەروا لە خەوی مەرگا، شەوگاری بەسام و کڕ

**شەو تاکوو بەیان بێ خەو، وەک مۆمی کز و لەرزۆک**
**ئەشکم دەوەرێ و نابم قەت جاڕز و هیوابڕ**
**گۆرانیی دڵی زارم بۆ شەمشەمە دەخوێنم**
**چون کەس نییە رازی رۆژ، بیسێ لە منی دڵپڕ**
**گەرچی شەکەت و مانوو و دڵسەرد و کز و ماتم**
**ناخی شەو ئەسووتێنێ شێعرم بە شەپۆلی گڕ**

سەرماوەزی ١٣٧٠ هەتاوی

---

قاقڕ: زەوی رووتەن و بێ گیا.





## بێوەفایی

**لە بیرت دێ نیگای گەرمت گوڵی ئەشقی لە دڵما چەند؟!**
**گوڵی دڵمی بە سەروی ئەشقی بەرزی تۆوەدا پەیوەند؟!**
**لە پڕ ئەو گشتە ئاوات و حەزانەت بۆ لە بیر چۆوە؟**
**جلی سووری ئەوینت بۆ لە بەر بووکی وەفا داکەند؟**
**کەرۆیشتی و ترووسکەی گەرمی خۆری نێو نیگات ونبوو**
**ژوانگەی دڵمی داپۆشی تەم و باڕووشک و تۆف و بەند**

لە سۆبەی گەرمی یادتدا دڵم دەتوێتەوە هەردەم
خەیاڵی دوێنەکەم، ئەمڕۆم دەسووتێنێ وەکوو ئەسپەند
لەمەولا تان و پۆی تاسە و ئەوینم لێک گرێ نادەم
حەز و ئەشقم لە بەندی قووڵی بیرمدا دەکەم پابەند
لە داخی بێ وەفاییت وا نەمامی خۆشەویستیتم
لە نێو باخی ئەوینمدا لە بێخ و ریشەوە هەڵقەند!

سەرماوەزی ١٣٧٠ هەتاوی

---

باڕووشک: بارینی بەفر بە باوە

سۆبە: کوورە





## بۆ مامۆستا عوبەیدیللا فەقێ کەریمی

کە خەم داینا لە سەر ئەوکی هومێدم لێوی کاردی
نیگای روون و گەشی ئاسۆی بەیانم لێڵ و تار دی
مەلی رۆحی بریندارم عەجەب ماوم، چلۆن ما
کە ئەم باخی بەهارەی بێ گوڵاڵە و بێ هوزار دی
تەمی خەم گوندی داپۆشیوە، وەشتی ئەشک ئەبارێ
ئەوی شادی بوو، گورگی دڵڕەشی خەم هات و خواردی

خەمت ئەمشەو دڵی تەنگی وەها خستبوومە ڕاژان
بە شاباڵی هەناسەم، ئەشک و ئاهم بۆ دەناردی
ئەجەل مەودای نەدا، تا تێر لە ژێر سایەت پشوودەین
لە پڕ هات و بە بێ ڕەحمی لە ئێمەی هەڵبواردی
خەمی تۆ سەر چڵی داری ڕوحی کردین بە لانە
مەلی ماتەم لقی دڵمانی بۆ لانەی لەبار دی
ئەتۆ ڕێبواری ڕێگای ڕوونی ئەشقی ناگەڕێیتۆ
دەچی بۆ باوەشی دڵدارەکەت، بەومان سپاردی
خودا زانیی کە تەنیا شاگوڵی باخی ئەوینی
بە پەنجەی پاکی ڕەحمەت بۆیە وا زووی هەڵبژاردی
تکەی فرمێسکی «ڕووناک»ە لە چاوی شێعرم ئەتکێ
هەنیسکی تاڵی «دڵپاک»ت قەڵەم یەک یەک ژماردی
شەفیع گیان ئەی پەپوولەی باڵتەزیو، خوا چۆن دڵی هات
کە پڕشنگی هەتاوی خۆشەویستیی لێ وەشاردی؟

پووشپەڕی ١٣٧٤ هەتاوی





# غەزەل

جوان پەرەستیم کردە پیشە، هەر کە دیم چاوی غەزەل
سەبر و ئۆقرەی لێبڕا دڵ، کەوتە نێو داوی غەزەل
شەو، پشووم دەشنێ بە چەشنی سروە بۆ باخی خەیاڵ
تاکوو شانەی کا بە نەرمی بسکی شێواوی غەزەل
گەر نەچێ دڵ، بۆ وڵاتی گەرم و ڕووناکی ئەوین
قەت وەدەستی نایە مانای بێ غەشی ناوی غەزەل

**بۆ کزی لێ دێ هەناوم، بۆ کزیی کۆرپەی هەتیو**
**گەر بەقا ناکەی نیگا کە، جەرگی سووتاوی غەزەل**
**گەرچی شەو، ئەشکم لە باخی دڵ دەکەم ئاژین، گوڵم**
**داری هەستم قەت نەبوو یەک لەحزە پاراوی غەزەل**

جۆزەردانی ١٣٧٠ هەتاوی





# بێزاری

**بە رۆخی زێی ئەوینا رادەبردم، هەڵخلیسکا دڵ**
**دەبێ هەر باڵە پڕژێ کا، لە نێو ژان و بریسکا دڵ**
**بە وێنەی پەڕپەڕۆک چوو تا لە باوەش بگرێ بووکی گڕ**
**چ سانا چوو، پڕووازا زوو، لە ئامێزی پزیسکا دڵ**
**چ دنیایێکە وا خەڵکی تەواوی دڵڕەق و دوو روون؟**
**دەڵێی پەروەردە بوون پاکی لە نێو قۆزاخە نیسکا دڵ!**

**دەپێوم کوێرە ڕێی چۆڵگەی بە سامی ژین تەک و تەنیا**
**نەبوو جارێ کە تاسەی هاودەم و هاوڕێ و ئەنیس کا دڵ**
**ئەگەرچی چەشنی پەلکی گوڵ زەرەیف و ناسک و نەرمە**
**بەڵام چون ئاشقم ئەستەم خەزان و شەختە سیس‌کا دڵ**

ڕێبەندانی ١٣٧٠ هەتاوی

---

بریسک: تەزووی بە ژان، برک

پزیسک: وردە ئاور، پریشکی ئاگر، ئاورینگ

زێ: دەریا، چۆمی گەورە

قۆزاخە: کەلوو





# نیو نیگایەک

**خەم لە ژینم عاجزی کردم سەفاییکم دەوێ**
**تیری خەم، تەیری دڵی پێکام شیفاییکم دەوێ**
**تاکوو دەشتی چۆڵ و بێ پایانی ماتەم ڕۆییوم**
**من لە باوەش کێوی شادیدا پەناییکم دەوێ**

«هەر وەکوو مێروولەیەک کەوتوومە نێو گێژاوی خەم
لەم شەپۆل و گێژەدا گەمیەی گەڵاییێکم دەوێ»[1]
ژوورەکەم تاریک و نووتەک ماوە بێ تیشکی نیگات
لەم شەوە سامناکەدا من نێو نیگاییێکم دەوێ

ڕەشەمەی ١٣٦٩ هەتاوی

[1] ئەم بەیتە لە فارسی وەرگێڕدراوە.





# دڵتەنگی

دڵم ئەمشەو لە بەندی ماتەمایە
ئەوینم، تاقە هیوای رۆژی ژینم
بە مێشکمدا دەنووسێ یادی گڵکۆ
کە ژووری نووتەکم بێ تۆ دەبینم
◆

گەڵاییکی وشک بووی داوەریوم
که شەو دێ زوقمی داخم لێ دەنیشێ
کە رۆژیش بۆوە باگێژی پەژارە
بەرەو چاڵی ڕەشی خەم رامدەکێشێ

◆

شەوە و نوقمی خەیاڵی تۆیە رۆحم
لە ناخی پڕ لە ئازار و برینا
خەیاڵ و دڵ چەمەر چۆپی دەگێڕن
لە شیوەنگای بەسامی مەرگ و ژینا

◆

شەوە و چنگی بڵێسەی بێ بەزەی ژان
قژی زێڕینی هیوامی رنیوە
لە سەر کوڵمەی خەمی تەنیایی، بۆیە
خەیاڵم گوڵوشەی ئەشکی چنیوە

◆

هەیڤ تۆراوە ئەمشەو، نایە گۆنای
لە سینەی پەنجەرەی ژوورم خشێنێ
کزەی ساردی هەناسەی پڕ لە داخم
تەمی ماتەم بە سەر دڵما دەچێنێ

◆





لە چاوی سەوزی شێعرم خوێن دەبارێ
کە بە ژوانی خەیاڵتا رادەبوورم
دڵی ژاکاو و پڕ تاسە و خەمینم
بە سینەی نەرمی یادتدا دەدوورم

◆

دەچۆڕێ ئەشکی گەرمی یادەکانت
لە چاوی مۆمی واژەی شێعرم ئەمشەو
خەمی دووری وەها ناخی تەنیوم
کە نامۆیە لە جێژوانی چەمم خەو

◆

دڵت بێ هۆلە من رەنجاوە ئازیز
ئەبەد من سەروی ئەشقت ناچەمێنم
ئەوینت بسکی کەسکی ئارەزوومە
بە شانەی شێعری سەوزم دایدەهێنم

◆

دڵم وەک ئەشکی سەر پێلووت دەلەرزێ
پەشیمانم، دڵت قەت ناشکێنم
ئەوینی تۆ، هەوێنی ئارەزوومی!
لە مەولا بۆ دڵی تۆ سوجدە دێنم

◆

لە ئاوێنەی زوڵاڵی چاوی شێعرا
دڵی بێ گەرد و پاکی تۆم نەدیبوو
ئەگەرچی عەتری گوڵزاری ئەوینم
لەگەڵ سروەی هەناسەت هەڵمژیبوو

◆

هومێدی بۆ دڵی مات و خەماژۆم
لە ئاسۆی خەونەکانمدا هەتاوی
شلێرەی رووگەشی چاو پڕ لە ئەشکی
لە سەر لووتکەی چیای رۆحم رواوی

◆

وەکوو پێنووسەکەم ئەمشەو لە چاوم
بە خوڕ فرمێسکی تەنیایی دەچۆڕێ
کە ئەسرینم نەبێ، ئەو تۆز و گەردەی
لە سەر دڵ نیشتووە چیی تر دەشۆرێ؟

◆

گوڵم ئەمشەو وەرە تاکوو ببینی
مل و پشتی بە مەینەت داچەمیوم
بزانە مۆتەکەی نەگریسی دووریت
بە بێ تۆ تەنگی چۆن پێ هەڵچنیوم

◆





وەرە بەڵکوو شەوی سامناک و پڕ خەم
بە پڕشنگی نیگای گەرمت بتارێ
لە دوو چاوی کز و سوور هەڵگەڕاوم
بە کوڵ ئەشکی حەز و شادی ببارێ

◆

وەرە با دەردی تەنیایی بنێژم
لە ئامێزی بەتینی ئارەزووما
کە کانی سەوزی شێعری خۆشەویستی
بتۆقێنم لە زەنوێری گەرووما

رەزبەری ١٣٧٤ هەتاوی

---

نەگریس: لاسار، سەرشەق

مۆتەکە: مۆتە، خەونی ناخۆش،(کابوس)

هەیڤ: مانگ

نووتەک: تاریک

# بێ تۆ

**بیابانی حەزم بێ ئەشقی پاکت ویشک و کاتۆرە**
**بە قرچە و کۆڵە کۆڵی تاوی خەم دڵ پڕ لە ناسۆرە**
**گوڵم باخی ئەوینم ویشک و ژاکاوە لە دووریی تۆ**
**نیگات بۆ باخی تاسە و خۆشەویستیم چەشنی ناتۆرە**
**بە بێ تۆ زوقمی سەر سینگی بەیانی وەرزی پاییزم**
**لەگەڵ تۆ گەرمە دڵ، وێنەی نیگای گەرم و گوڕی خۆرە**





**بە بێ تۆ پیرەدارێکم، چەوێڵ و بێ گەڵا و تینوو**
**کە ناخم هەدەکۆڵن مەینەت و خەم هەر وەکوو خۆرە**
**بە بێ تۆ چەشنی گۆلاوێکی لێڵی قەوزە لێنیشتووم**
**وەکوو مار و کرم، مەینەت لە دڵیان داوم ئاپۆرە**
**بە بێ تۆ شێعر و هەڵبەستم تەواوی ویشک و ژاکاون**
**دەروونی واژەیان پووچ و بەتاڵە چەشنی قالۆرە**

پووشپەڕی ۱۳۷۰ هەتاوی

---

کاتۆر: قاقڕ، رووتەن

ناتۆر: باخەوان

ئاپۆرە: ۱ـ بەڵا، ئافەت ۲ـ تێورووکان، دەوردان

# چاوەڕوانی

دوور لە ئامێزی ئەوین ئێستاکە جەستەم سڕ بووە
ئاهی سەردم هێندە هەڵکێشا ، کە جەستەم سڕ بووە
وا کەسیرەی کرد تەوژمی با تەزووی دووریت دڵم
چۆن گەرم دابێ لە سینەمدا ، کە جەستەم سڕ بووە؟
پایزی ژینم گەیشت و گۆڕی پیری ئەشقە دڵ
بۆیە وێنەی داری سەر ئەو چاکە جەستەم سڕ بووە





چۆن زەوی چنگی خەزان بەرگی لە بەردا شڕدەکا
زوقمی خەم لێمنیشت و وەک ئەو خاکە جەستەم سڕ بووە!
کۆتری ئاوارەم لە بەفرانباری بێ هیوایی‌دا
دەرکی لانەی سینەکەت واڵاکە جەستەم سڕ بووە
ئەشکی چاوی پەنجەرەم بەستی و بەری چاوی تەنیم
چۆنی وەتوێنێ هەناسەم جا ، کە جەستەم سڕ بووە
چاوی پڕ ئەشکم بە دەسکی دەرکەوە مێخکوت بووە
هێندە چاوەڕوانم و تەنیا ، کە جەستەم سڕ بووە
من لە باوەش دەردی چاوەڕوانییا پەروەردە بووم
دوور لە ئامێزی ئەوین ئێستا کە جەستەم سڕ بووە

خەزەڵوەری ١٣٧٣ هەتاوی

# ماسی نیگا

**چاوەکەم چاوانی تۆ رووگەی حەز و تاسەی منن**

**زوڵمە زوڵفانت کە پەرژینی بە بەردا هەڵچنن**

**تۆ وەکوو مامز لە تاپۆی ئەشقی پاکم سڵ دەکەی**

**چاوەکانیشت وەکوو ئاسۆی بەیانی هێمنن**

**پیرەدارێکم ئەتۆش تیشکی نیگات لێ هەڵبڕیم**

**ئێسکی جەستەم گشت بە دەس خۆرەی خەمی تۆ کونکونن**





**خۆرەتاوی گەرمی چاوت ببڕە ژینی سەردی من**

**خۆرە، باکەم خوێن و یەسقانم بخۆن و بیجنن**

**دڵ وەکوو گوڵ کەوتە دەس باهۆزی بێڕەحمی خەفەت**

**قەت لە ئازار و یەشم ناگەن ئەوانەی گوڵ ڕنن**

**ماسیی سەرگەردان و بێ وەقرەی نیگای تینووم، گوڵم**

**وێڵە چونکا چاوی تۆ دوو گۆمی قووڵ و بێ بنن**

خەزەڵوەری ١٣٧٣ هەتاوی

# دیمەنی چەن تابلۆی سووتاو بە دیواری شێعرێکەوە

داخ و کەسەر بوونە بوغز و گەرووی هەستم ڕێک دەگوشن
ئیلهامی شێعری ئەمجارەم، ژانی زامێکی بەسوێیە
وشەی زامار و لێو بەبار دەچنە پێشوازی هەر شێعرێ
هەواڵی فرمێسک و مەرگ و پەژارە و ماتەمی پێیە
◆





بەیانە و خۆر تەوێڵی خۆی ناوە بە ئەژنۆی شاخەوە
دڵی بڕوایی نادا گەر سەر هەڵبێنێ و زەردە بگرێ
گزنگ چاشێوی غوباری بۆیە دا بە ڕووی شەفەقدا
کیژی ڕۆژ ناتوانێ بەرگەی دیتنی ئەو دەردە بگرێ
◆
ڕوومەتی ڕووشاوی شەقام شەڵاڵی بارانی مەرگە
بۆنی دووکەڵ گەرووی تەنکی کووچە و کۆڵانی خنیوە
تەرمی سڕی شەهیدەکان بۆ باخی ژین بوونە تەیمان
گێژەڵووکەی مەرگ پرچی درەختی شادیی ڕنیوە
◆
مەلی دڵ خنکاون لە نێو سینگی سڕی هێلانەدا
پەپوولەی زێڕێنی پشوو لە سینەکانا سووتاون
فرمێسکی ڕوونی چاوەکان مەییون بە تەوژمی گڕ
گلێنەکان لە نێو گۆڕی سڕی پێلوودا نێژراون
◆
گڕووگاڵی زارۆ لە نێو بێشکەی بەڵادا کەوتوودا
بۆتە گریان و ئاوێتەی ناڵە و گرمەی بۆمبا بووە
زەڕنەقووتەی ڕۆحی لە نێو هێلانەی بچکۆڵەی دڵیا
باڵ و پەڕی دەرکردووە و بۆ باوەشی خودا چووە

◆

زۆر لە مێژە چاوەڕوانی سروودێ سەوز و تازەیە
بەڵام تاسە و حەز و هیوای لە چاڵی شەودا گۆڕ ئەکەن
ئەمجارەیان سروودی گڕ کوتۆتە سەر لێوەکانی
بڵێسەی ئاوات و هیوای گڕ لە جەرگی شەو بەردەدەن

◆

کیژۆڵەی دڵڕوونی زەڵم دەخزێتە باوەشی سیران
تەمی هەناسەیان دەکەن با تارای بووکی هەڵەبجە
دەبن بە فرمێسکی ئەشق و دەرژێنە سەر زام و بلۆق
دەشۆرن دووکەڵ و تۆزی سەی گۆنای بووکی هەڵەبجە

◆

ئەشق و ئەوین دەبنە بەهار دەخزێنە نێو باوەشییەوە
داری حەزی بەر دەگرێ، میوەی ئامانجی پێ دەگا
«جا بە هەتوانی ئازادی سارێژ دەبن زامەکانی»[2]
دەبێتە رووگەی ئارەزوو شێعر کڕنۆشی بۆ دەبا

◆

---

[2] دێڕە شێعرێکی هێمنە بە هێندی دەسکاری‌یەوە.





ئەمسا گەرووی سەوزی شێعرم پڕ ئاوازی شادی دەبێ
ئیلهام و هەست و خەیاڵم پۆیلانەی شادیی بۆ دێنن
وشەی رازاوە هەڵدەڕژێن لە لێوی سەوزی پێنووسم
چەپک، چەپک گوڵی گەش و سووری ئازادیی بۆ دێنن

ڕێبەندانی ١٣٧٢ هەتاوی

---

تەیمان: پەرژین.

زەڕنەقووتە: جووجکە مەلی پەر و پۆ دەرنەکردووە.

پۆیلانە: دیاری، کادۆ

# تیشکی خەیاڵ

پشووی گەرمی ئەوین هات و مژی لێڵی شەوی رادا
هەتاوی  شادی چارشێوی لە سەر ژینی ڕەشم لادا
لە باخی سەوزی ئاواتا لە گەڵ تیشکی خەیاڵ دەدوێم
کە بفڕێ کۆتری هەستم لە ئاسۆی روونی هیوادا
بە بێ ئاهەنگی گۆرانیی ئەوین و هەڵفڕینی دڵ
لە باخی زیندەگیدا قەت، درەختی شادی گوڵ نادا





بە پەیژەی سەوزی دڵداری، دەچم بۆ باخی شێعری تەڕ
کە عەتری حەز بپرژێنم بە سینگی پڕ لە بریادا
بە پردی پەلکەزێڕینە دەچم بۆ نێو دڵی هەوران
کە چاوم هەڵبسەنگێنم لەگەڵ باران و دەریادا

جۆزەردانی ١٣٧٠ هەتاوی

# بێشکەی شێعر

که خۆر پڕشنگی زێڕینی له سۆ دا
گوڵی ماچی له شابسکی چرۆ دا
دەروونی شەمشەمەی پڕ کرد له ماتەم
هەزار موژدەی به چاوانی هەڵۆ دا
نەمامی هەستی سەوزی بەند کراوم
ڕەگاژۆی کرد له بێشەی ڕوونی ڕۆدا
◆





گوڵم فەرهادی ناکامی ئەوینم
له هەمبەر شاخی تاسە و ئەشق و سۆدا
ئەگەر لێوی قوڵنگی دڵ نوقم بێ
له ماچی گەرمی کێوی ئەشقی تۆدا ،
لەگەڵ تیشکی بەیانا دەیڕوێنم
گوڵی ئەشقت له باخی سنگی خۆدا
له بێشکەی سەوزی شێعرا دەتنوێنم
لەگەڵ ئیلهامی ئاواتێکی نۆدا
◆
گوڵم ئەمشەو پڕووزاوم له تاوت
له نێو کڵپەی پەژارە و شین و ڕۆدا
بەڵام داخم، که تۆ گرتووته فرچک
له داوێنی جەفا و جەور و دەهۆدا.

ڕێبەندانی ١٣٧٣ هەتاوی

---

سۆ: ئاسۆ، قەراغی ئاسمان.
سۆ: تاسە، حەز
هەمبەر: بەرانبەر، ڕووبەڕوو.
ڕۆ: ڕۆژ.

# نالەی دەروون

وەفا ون بووە لە نێو تۆز و غوباری بابلیسکدا
دەکا هەر ململانێ دڵ، لەگەڵ ژان و بریسکدا
گەنمجاڕی حەز و یەکڕەنگی هەڵقرچا بە کڵپەی قین
مەلی دڵ بۆیە وەیلانە لە نێو شێوەردە نیسکدا
ژیانم هەڵدەقرچێت و لە دەوری هەڵدەسووڕێ دڵ
لە گڕ ترسان نییە مانای، لە ژینی پەلپەلیسکدا





دڵم ئەوداخە قورسەی وا لە ژێریدا دەناڵێنێ
کچی شێعرێکی من چۆنی هەڵاواسێ بەگیسکدا
بە شمشاڵی شێعر ناڵەی دەروونم دەربڕی، ئەمما
لە من ناگەن چ دەردەێکم لە نێو ناڵە و هەنیسکدا
دەرختێکی کە ـ با ـ شانەی دەکا بسکانی نازانێ
چ ئێش و برک و ژانێ ها لە نێو جەرگی چڵیسکدا

ڕەشەمەی ١٣٧٠ هەتاوی

---

بابلیسک: گێژەڵووکە.

پەلپەلیسک: پەپوولە.

گیسک: پرچ، پەلکە

چڵیسک: داری نیوە سووتاو

# بۆسەی ناکامی

لە ترسی مۆتەی بە سامی دووریت
تاراوە ئەمشەو پەری خەیاڵم
هاودەمی ئەشک و ئازار و ژانم
بۆیە هەتا ڕۆژ دەگریم، دەناڵم

◆





دەروونم کەیلی خۆشەویستییە
سۆزی ئەوینت چەواشەی کردووم
لە سەر ڕێبازی خەیاڵی تۆدا
زۆرجار لە بۆسەی ناکامی کەوتووم

◆

پەپولەیەکی بێ ئارامە دڵ
کوتۆتە داوی داپیرۆشکی خەم
دەچێژێ تامی مەرگی تەنیایی
چونکە ڕزگاریی مەحاڵە و ئەستەم

خاکەلێوەی ١٣٧٢ هەتاوی

---

چەواشە: سەرلێشێواو.

داپیرۆشک: جاڵجاڵۆوکە.

## بۆ هەڵەبجە

نیشتمان نوقمی تەمی لێڵی خەمە و سەرگەرمی شین
دوژمنانی گەل بە ئاهەنگی شەپۆڕی هەڵپەڕین
سنگی پڕ زام و کوڵی گڵکۆی هەزاران خونچەیە
گشت بە چنگی چڵکن و بێ ڕەحمی باگەڕ هەڵوەرین
پیر و ساوای کرد قەڵاچۆ دووکەڵی قینی نەیار
خەم بڕیی بەرگی ڕەشی ماتەم بە بەر بووکی ئەوین





داڵی پیس و دڵڕەشی مەرگ و نەمان هات و لە پڕ
بێ رەحم، راپێچەکی دا تەیری بێ تاوانی ژین
هەڵڕژا تەرزەی مەرگ، رووخاندی لانەی کۆتران
گشت بە باڵی تەڕ بەرەو ئاسمانی مێژوو هەڵفڕین
تەرمی پاکی شاری خووساند رۆندکی چاوی «زەڵم»
«پیرەمەگروون»یش لە تاوا کەوتە لەرزین و هەژین
ناخی پڕ زامم لە ژان و مەینەت و ماتەم پڕە
دڵ دەلەرزێنێ خەمی قورسی هەڵەبجەی نازەنین
قوڕگی شمشاڵی دڵی گرتم گوشاری تاڵی خەم
بۆیە نایە دەنگی ناڵەی پڕ کوڵ و سۆزی «ئەمین»

خاکەلێوەی ١٣٦٧ هەتاوی

---

زەڵم: ناوی چومێکە.
پیرەمەگروون: ناوی چیایەکە.
قەڵاچۆ: کوشت و بڕ. (قتل عام)
رۆندک: فرمێسک.
گوشار: تەوژم، فشار.

# وایلۆک

**بسکی شەو کوا دەپرووزا بە پشووی سەرد و سرِی ـ با؟**
**تەمی سەر چاوی هەتاوم کە بە ئەشکم نەسرِیبا**
**سینگی تاریک و تنۆکم دەبووە گۆڕێ هەناسەم**
**چەمی لێڵم کە لە رێگەی حەز و هیوا نەبرِیبا**
**کە چەمەرچۆپی بگێڕن غەزەل و  ئەشک و خەم و ژان**
**شەو ،  لە سەر تەرمی هەتاو دڵ، دەبوو وایلۆکی چرِیبا!**





**کە شەوی رەش هەڵیلووشی قەڵەم و دەفتەر و پەنجەم**
**شیری شێعرم دەبوو ئەوکی رەشی شەوگاری درِیبا**
**خوێن لە زامی دڵی رەشپۆش و خەمینم نەدەچۆرِا**
**شەوی ژینم ئەگە بێ سام و خەو و ترس و کرِی با**
◆
**کۆتری رۆحی خەماژۆم لە شەوی تاری خەیاڵا**
**خۆزگە تا باوەشی خۆری گەشی دڵداری فرِیبا**
**سنگی گشت بیرەوەریی خۆم دەکەمە گۆڕی شەو و خەو**
**رۆحم ،  ئەو شۆخە کە بۆ ژوانی دڵی گەرم و گورِی با**

جۆزەردانی ١٣٧٤ هەتاوی

---

چەمەرچۆپی: هەڵپەرین بە دەوری مردوودا.

وایلۆک: گۆرانی خەماوی. (مرثیە)

# تابووتی دڵ

**کۆترێکی باڵ شکاوە و دیلی داوی مووتە دڵ**
**وەرزی بەفرانبارە برسیی دانی خاڵی رووتە دڵ**
**تینووە، پابەندی تەپکەی مووتە مات و جاڕزە**
**بۆ تکەی ئاونگی سەر کوڵمەت وەکوو هاڕووتە دڵ**
**تۆ سەدان جار داوی بسکت ناوە تا گرتت دڵم**
**گوێ کە نادەیتە سکاڵا و دادی بۆ گرتووتە دڵ؟**





**تۆ هەتاوی تیشکی چاوت ببڕە ژینی سەردی من**
**تینی خۆری ئەشقی تۆی پێویستە چونکا رووتە دڵ**
**حەسرەت و ژان و خەمی ئەشقت گوڵم! کوشتی «ئەمین»**
**بۆ حەز و تاسە و ئەوین و ئارەزوو تابووتە دڵ**

خاکەلێوەی ١٣٧٠ هەتاوی

## دەردی دڵ

لانەی یەش و ئازارە دڵی پڕ کەسەری من
خەم بوو بە خەم و مەینەت و ماتەم کەمەری من
وەک کوندەبوو خەم کردیە هێلانە لە دڵما
هەڵنیشتووە هەڵناگرێ قەت دەس لە سەری من
جلدووری خەفەت هات و لە چیتی خەم حەسرەت
دووریویە کراسێکی کەسەر پڕ بە بەری من





گرتوویە بەری تیشکی هەتاو دووکەڵی ئاهم
وا بۆتە چڵیسک و هەڵەقرچێ جگەری من
وەیلانە لە دووی تۆ دڵی پڕ ژان و برینم
ساتێ نیەتی ئۆقرە روحی دەربەدەری من
یارێ نییە بیڵێم لە کنی رازی دەروونم
هەر شێعرە دەزانێ خەبەری دەردەسەری من
ئەی گوڵ وەرە بڕوانە وشەی پڕ خەمی شێعرم
هاکا بە خەمت مردم و ون بوو ئەسەری من
بیخوێنەوە دەردی دڵی دڵداری «ئەمینت»
ئەمجارە بڵێ: قاتڵم ئەی قوڕ بە سەری من

ڕێبەندانی ١٣٦٩ هەتاوی

## ورە

که ئەمشەو هەست و ئیلهام و حەز و خەم لێره بۆم دەگرین
لە ئاسمانی شێعردا واژە وەک ئەستێرە بۆم دەگرین
که فرمێسکی گەشی پێنووس بە سەر کوڵمەی پەڕا دەتکێ
وشەی خوێناوی وەک چاوی گوڵی شللێرە بۆم دەگرین
چیای ژینم لە ژێر کەڵپەی شەوا وا ئەنجن ئەنجن بوو
ئەوی گابەرد و شاخ و تم تم و تاوێرە بۆم دەگرین





بە گوللەی ئاگرینی خەم لەشم وا لەت لەتە و کون کون
بریقەی لێوی هەرچی خەنجەر و شمشێرە بۆم دەگرین
گڕم تێبەردراوە و ـ با ـ پزیسکی گیانم ئەپژێنێ
لە دەوری خۆڵەمێشم پۆلی گوڵئەستێرە بۆم دەگرین
دەسووتێم و گوڵی زەردەم لە لێوە و ناهومێد نیم، تا
لە ئاسمانی شێعردا واژە وەک ئەستێرە بۆم دەگرین

رەزبەر ١٣٧٤ هەتاوی

---

تمتم: رەقەن، تمتمان.

گوڵئەستێرە: کرمی شەبتاب

# یاد

یادی تیشکی نیونیگات هەردەم لە بیرم دێتەوە
بەفر و شەختەی خەم لە سەر گوێسوانی دڵ دەتوێتەوە!
دەبنە فرمێسک و بە نێو سنگی پلووسکی دیدەما
چۆڕە چۆڕ ئەڕژێن بە رووی کۆڵانی تەنگی سینەما
وەشتی فرمێسکم گوڵی هەستم دەبووژێنێتەوە
شەو بە ئاهەنگی هەناسەی یادی تۆ دەشنێتەوە





شەو دڵی سڕبووم بە یادی تینی پڕشنگی نیگات
گڕ لە جەرگی سەغڵەت و تاری شەوی خەم بەردەدات
یادی تۆ مۆمی خەیاڵم دادەگرسێنێتەوە
کیژی ئیلهام و شێعر بۆ ژوانی دڵ دێنێتەوە
گەرچی دووری نامەوێ ساتێ لە یادت کەم، گوڵم
ناکوژێتۆ ناوی ئەشقی تۆ لە سەر دێڕی دڵم

خەزەڵوەری ١٣٧٠ هەتاوی

## خۆزگە

**خۆزگە وەک سروە بە سەر باڵی بزەی تۆوە شنیبام**
**تیغی پڕشنگی نیگاکەت شەوی ئازاری جنیبام**
**ئەو دەمەی گیانی سڕم دادەگرێ یاوی ئەوینت**
**خۆزگە مۆتەی ڕەشی شەو قوڕگی خەیاڵی نەخنیبام**
**بسکی ئاڵۆزی بەیانم بەپشوو شانە دەکێشا**
**کە دەسی شەو قژی باخی حەزەکانی نەڕنیبام**





**تۆزە بۆنێ لە وەنەوشەی کەزی تۆم ویست و شنەم نارد**
**ڕووی نەبوو پێت بڵێ، لەو ساوە دژی شەرمەونی ـ با ـ م**
**هەرچی گابەردی خەمە جاڵە دەبوون شەو بەسەرمدا**
**وەکوو ئاڵا کە بە باڵای غەزەلا هەڵنەزنیبام**
**دەبووە گوڵجاڕی ئەوین دەشتی دڵم بۆ مەلی ئەشقت**
**کە چەپۆکی سڕی ئەم پایزە مۆخی نەچنیبام**
**کەیلی ئاوات و نیازن غەزەل و هەست و خەیاڵم**
**خۆزگە بەو تیشکی نیگا و بۆنی قژەت ساتێ خەنیبام**

جۆزەردانی ١٣٧٥ هەتاوی

---

ئاڵا: قەڵەم، پێنووس

هەڵزنین: هەڵچوون بەرەو باڵا.

❁ لە سروەی ژمارە ١٣٦دا بڵاو بۆتەوە.

# ئەرخەوان سوور

**هەوری ئازارە دڵی پڕ بەزەیی فرمێسکم**

**بۆیە تاوێ لە چەممدا نەمەیی فرمێسکم**

**وشە هاواری دڵی پڕ لە گڕی ئیلهامە**

**کە بە کوڵ دەڕژێ لە قورگی خەنەیی فرمێسکم**

**باوەشی پڕ لە چرۆی تاسەیە داری هەستم**

**خۆزگە ئەم بەرهەمی ئەشقەی دەگەیی فرمێسکم**





**گۆڕی دڵ، شەو لەشی هەستم کە نەدا گۆڕەوشار**

**قەت بە ئاسۆی گەشی شێعرم دەگەیی فرمێسکم؟!**

**کە خەیاڵ دڵمی نەکردایەتە جێژوانی ئەوین**

**کوا لە رازی خەمی سەوزم دەگەیی فرمێسکم؟**

**تۆزی خەمناکی لە رووی دەفتەرم ئەپژێنێ قەڵەم**

**بۆیە ناخی تەژی داخە و گلەیی فرمێسکم**

**رادەماڵێ خەم و ئازاری دەروونم، چونکە**

**ئەرخەوان سوورە تەوژمی پەمەیی فرمێسکم**

خەرمانانی ١٣٧٥ هەتاوی

---

ئەرخەوان سور: لافاوی مەیلە و سوری بەهاران کە بەفر دەتوێتەوە و چۆم لێڵ دەبێ.

# زامی خەیاڵ

ئیلهامی هەست و تاسەم و جێژوانی ئەشقم لێ ونە
ئاهەنگی شمشاڵی خەمم گریانی ئەشقم لێ ونە
فرمێسکی خوێنینی وشەی خەمباری شەوگاری دژم
تیشکی نیگای گەرمی حەزم چاوانی پێعرم لێ ونە
هەستێکی گڕگرتووم، لەگەڵ رۆحی ئەوین ئاوێتە بووم
زامی خەیاڵێکی بە سۆم، هەتوانی ئەشقم لێ ونە





دوندی چیای ئەشقم، دڵم کەیلی خەیاڵ و تاسەیە
کانگەی ئەویندارێم، گەرووی گڕکانی ئەشقم لێ ونە
هەر شەو بە کۆڵانی دڵی رووناکی ئەشکێکا دەڕۆم
داخم، خەمم، ژانم، کوڵم، دامانی ئەشقم لێ ونە
ئەستێرەیەک بووم راخوشیم بۆ باوەشی گەرمت، بەڵام
وای هەڵپڕووکاندم نیگات، جیهانی ئەشقم لێ ونە
هەر شەو بە شاباڵی شنەی ئەندێشەیەک هەڵدەفڕم
ئاونگی چاوانی شەوم، پاوانی ئەشقم لێ ونە
ئەی شاکچی شاری حەزی سەوز و خەیاڵی ئاگرین
تۆ گڕ لە رۆحم بەرنەدەی من جوانی ئەشقم لێ ونە
پڕ کاکە شانێ رۆنتکی زەردم لە بەر پێتا رژاند
چاوی هەسارەی رۆژم و ئاسمانی ئەشقم لێ ونە
تا تۆش لە ئامێزی سەبوونی مەینەتا نەتوێیتەوە
کوا تێدەگەی من ویشکە ڕۆم، بارانی ئەشقم لێ ونە؟

رەزبەری ١٣٧٥ هەتاوی

---

رۆنتیک: فرمێسک.
سەبوون: گڕە با، گڕە.
ویشکە رۆ: کانی و چۆمێ کە هاوینان وشک دەکا.
هەسارە: ئەستێرە

# پایزە

گوڵەکەم!ماڵی دڵم هێشتە نەرووخاوە دەڕۆی
بۆچی بارگەی سەفەرت تێکەوە پێچاوە دەڕۆی؟
بۆچی پێت وایە مەکۆی دێوەزمە و مۆتەکەیە؟
دڵی من زێدەی فریشتانە لە خۆڕاوە دەڕۆی
ڕۆحی سەوزی غەزەلی، تۆ لە دڵم هەڵدەقوڵێی
وەک هەناسە لەگەڵم دای و بە شاراوە دەڕۆی





چاوەڕێی زەردە خەنە و تامەزرۆی «ئا»یەکتم
کەچی تۆ بێ بەزەیی دێی و بە «نا، نا» وە دەڕۆی
دڵ! لە سایەی خەم و فرمێسکەوە ئەشقی ناسی
تۆ دەڵێی بۆ خەمی من هێشتە نەگریاوە؛ دەڕۆی
فرچکم گرتە بە فرمێسکی چەمی مەمکی ئەوین
چونکە خەمبارە دڵم، سڵ دەکەی و واوە دەڕۆی؟
گوڵەکەم! باخی دڵم پڕ لە گوڵی شێعری تەڕە
سەیرە پێت وایە دڵم پایزە لێی داوە، دەڕۆی

سەرماوەزی ١٣٧٥ هەتاوی

---

لە سروەی ژمارە ١٣٥دا بڵاو بۆتەوە.

# دڵی نالی

«نەوعە ئینسانێ هەیە خەم قووتییە

من خەمی خۆم و خەمی عالەم دەخۆم»

(*نالی*)

**شێعرێکم دی، بە سەر گۆڕی دڵی «نالی» دا دەگریا**

**شمشیرێ سوور بە سەر کالانی بەتاڵیدا دەگریا**

**دوو گلێنەم دی، لەگەڵ ئەسرین بە گۆنادا خلیسکان**

**رۆحی نگایەک بە سەر دوو گۆڕی خاڵیدا دەگریا**





**چنگیان لە خوێنی یەکتر وەردەدا رەگی گۆیژ و بەڕوو**

**دڵیشیان لەگەڵ ئازاری بێ هەڤاڵیدا دەگریا**

**دڵێکی گەورەم دی، خەمی عالەمی دابوو بە کۆڵا**

**دەستی لە مل شاخ دەکرد و شەو لە پاڵیدا دەگریا**

**مەمکی کانیاو بزووتبوو، ژینی سەوزی لێ دەچۆڕا**

**جەنگەڵی تینووش، لە بەر چاوی زوڵاڵیدا دەگریا**

**دوو چۆمم دی، وەک دوومـاری دژ لـە جەسـتەی یـەک هاڵابوون**

**خاکی زاماریش لە چنگی ویشکەساڵیدا دەگریا**

رێبەندانی ١٣٧٥ هەتاوی

---

کێشی ئەم شێعرە ئازادە.

## رچە

من زەوییێکی وشک و کاتۆرم

تۆ چیایەکی سەوز و نەخشاوی

من بۆ قومێ ئاو شەقار شەقارم

تۆ دەیان کانی دەورەیان داوی

◆





من شەوەزەنگی خەم داپۆشیوم

تۆ لە سەر سینەت تریفە دەڕوێ

بلێی لە باخی ئاسۆی هیواما

گولی هەتاوی ئەوین بپشکوێ؟

◆

من هاوینی ئەشق لەشی سووتاندووم

تۆکلووی بەفر تارات بۆدێنێ

بلێی رێبواری تینووی لێوانم

رچەی کوێستانی گۆنات بشکێنێ؟

بەفرانباری ١٣٧٤ هەتاوی

## گریان

هەردوو ئەژنۆم و چەنەم سێ کوچکەن
لە بنیدا دەگرێ سکڵی دڵم
لە سەری، کاسە سەری پڕ کەسەرم
دەکوڵێ و دەڕژێ بە کوڵ داخ و کوڵم!





## قوربانی

شەو کە دادێ، تاسە وەک شەوبایە من وێنەی تەمم
رامدەکێشێ تاکوو جەرگەی باخی سەوزی سنگ و مەم
چاوەکانت خۆرەتاوە و من تنۆکی شەونمم
گشت بەیانێ خۆم بە قوربانی نیگایێکت دەکەم

# سکاڵا

لە گوڵی زەردی وشەی خەم پڕە جانتای غەزەلم
لەوەتا هاوەدمی ژان و خەمی دنیای غەزەلم
گڕەمشقاڵی ستەم بەر بووە لانەی دڵەکەم
هەڵپڕووزاوە پەڕی کۆتری شەیدای غەزەلم
پۆشی سەر لێوی تەڕی کانی حەزم قەوزەی خەم
بۆیە ژاکاوە وشەی ناسکی سەروای غەزەلم





مەڵکەمووتی شەوەزەنگ هاتووە بۆ کوشتنی تیشک
ناگەڕێتۆ بە تکا و شین و سکاڵای غەزەلم
نیشتە سەر دێڕی پەڕەی بیرەوەریم تۆزی خەفەت
ئەشکی تێزاوە چەمی کۆرپەڵە ساوای غەزەلم
دڵەکەم کۆچەری شوێن خێڵی خەمە، گەرچی لەوێ
بووکی حەز نایەتە نێو باوەشی زاوای غەزەلم
بوغزی خەم ئەوشۆ گەرووی سەوزی پەری هەستی خنیم
بۆیە وا پڕ لە وشەی حەسرەتە جانتای غەزەلم

خەزەڵوەری ١٣٧٢ هەتاوی

---

سەروا: قافیە.

سکاڵا: پاڕانەوە، تکا.

# هیوا

من لە شەو بێزارم و تیشکی بەیانانم دەوێ
سینە پڕ زووخاو و دەردم تۆزێ هەتوانم دەوێ
خەم لە ناخمدا رەگاژۆی کردووە چەشنی هەرێز
بۆ نەفەوتانم بژار و ئەرک و تەیمانم دەوێ
وەک هەسێڵی بەردەمی کانیلەیێکی ویشکە ڕۆ
بۆوە نەمخنکێنێ قەوزە و لیتە جووڵانم دەوێ





ناهۆمێدی وەک رنوو رووخاو بە سەر گوندی دڵا
بۆ ژیانی پڕ لە هیوا قەت هەدا دانم دەوێ؟!
ئەشق و ئاواتم لە سەر لووتکەی ڕەشی شەو ساکنە
بۆ وەسەرکەوتن رچەی پڕشنگی پەیمانم دەوێ
بۆ بزەی نایێتە سەر لێو خۆری دڵگەرمی بەیان؟
شەو لەشی کردووم شەکەت تاوێ پشوودانم دەوێ

ڕەشەمەی ١٣٧٢ هەتاوی

---

هەرێز: فریزوو.

# شەو

دەردی تەنیایی بە شەودا دەس لە دڵ ناکاتەوە
کەی بەیانی دێ، دڵم دەستی لە خەم بشواتەوە؟
شەو ئەگەر یەڵدا نیە، ئەی بۆچی وا توولانییە؟
تۆ بڵێی کەنگێ سەما سەفحەی ڕەشی هەڵداتەوە؟
ئەی سپێدەی بەربەیانی بێرەوە و ڕۆشن کە دڵ
نەک بە خەم شەو دڵ بسووتێ، بەو هەموو ئاواتەوە





هەرکە خۆر دەخزێتە نێو ئامێزی ئاسۆ، ئەم دڵەم
تەنگە وێنەی تەنگی ئێوارێ بە ڕەنگی ماتەوە
دەستەوئەژنۆ، سەر لە باوش، ئەشک ئەبارێنم بە خوڕ
کەی گزنگ هەڵدێ کە ژەنگی خەم لە دڵ پاکاتەوە؟
تا سەحەر ناڵینە پیشەی قەلبی پڕ دەردم بە شەو
عاقیبەت خەم وەک زەروو خوێنی دڵم دەخواتەوە
خەم مەخۆ ئیتر «ئەمین» وا دێوی ڕەش پشتی شکا
موژدە بێ ئەی دڵ فریشتەی ڕۆشنایی هاتەوە

زەربەری ١٣٦٨ هەتاوی

---

لە سروەی ژمارە ٧٨دا بڵاو بۆتەوە.

# تاسە

لە هەناوی کەسەرا گوراون
بیر و ئیلهام و خەیاڵ و هەستم
وشەکان ڕۆندکی دڵمن دەتکێن
لە چەمی هەوری ڕەشی هەڵبەستم
◆





گوڵوشە ناسکە لێو پڕ بزەکان
ئێستە ژاکاوە نیگایان، دەگرین
دیل کراون لە گەرووی تەنگمدا
شێعری دڵ پڕ خەم و چاو پڕ ئەسرین

◆

سێبەری خەم لە خەیاڵم هاڵا
نەوچرۆی باخی ئەوینم ژاکان
زامی پڕ ژانی دڵم وەک خمخۆرک
قووتی دا ئەشق و حەز و هیواکان!

◆

بە شەوا هەست و خەیاڵ و بیرم
لەگەڵ هەر خورپەیەکی دڵ دەگرین
لە سروشتی ڕۆحی سەوزی شێعرا
من و ئەشقم شەوی سەدجار دەمرین!

◆

**لە شەوی نووتەکی تەنیاییدا**

**بەگرین نۆتی هەناسەم دەشکێ**

**بە شێعر گەرچی هەتا رۆژ دەگریم**

**بێ ئەوین کوا دەمێ تاسەم دەشکێ؟!**

پووشپەڕی ١٣٧٣ هەتاوی

---

لە سروەی ژمارە ١٠٩ـ ١١٠دا بڵاو بۆتەوە





# تەوژمی خەم

**تەوژمی تاڵی ژان و خەم گەرووی شێعری خنیم ئەمشەو**

**هەتا سینەم لە لیتەی زۆنگی بەدبەختی چەقیم ئەمشەو**

**لە شامی تاری غوربەتدا غەریب و هەڵوەدا و بێ کەس**

**لە بەندی سەردی مەینەتدا بە شەختەی خەم رزیم ئەمشەو**

**وەها روخساری ئاسۆ ی ژینی داپۆشیم مژی مەینەت**

**وەکوو جەستەی شەوی تاریکی سەرماوەز تەزیم ئەمشەو!**

لەت و کوت بوو بە بەردی ناهومێدی ئاوێنەی ئەشقم
غوباری لێڵی خەم بۆیە سەمای ژینی تەنیم ئەمشەو
بەوێنەی پەرپەڕۆکێکی پەڕ و باڵ هەڵوەریوم من
کە داپیرۆشکی خەم تاری بە دەورێدا تەنیم ئەمشەو
گوڵم بۆ دینی پڕشنگی هەتاوی خۆشەویستی تۆ
بە باڵی دڵ هەتا تەشقی ئەوینداری فڕیم ئەمشەو

پووشپەڕی ١٣٦٨ هەتاوی

---

پەرپەڕۆک: پەپوولە.

داپیرۆشک: جاڵجالووکە.

❀ لە سروەی ژمارە ٧٢دا بڵاو بۆتەوە





## خۆشەویستی

گەرچی لێم تۆراوی ئازیز ئێستەش ئەیلێم بێ ریا
خۆشەویستی تۆ لەلای من چەشنی نەورۆز لای گیا
گەرچی وێڵ و هەڵوەدای ئەم شاخ و هەردەم یادی تۆ
هاوەڵی هەست و خەیاڵ و دڵمە لێم نابێ جیا

دێتە بیرم دوانیگای خۆم و تکەی فرمێسکەکەت
تا دەبینم تیشکی خۆر و بەفری سەر گۆنای چیا
سەد ئەوەندەی تر بڕەنجێنی دڵم خۆشم دەوێی
خۆشەویستی من فەقەت تۆی، دڵنیابە دڵنیا!

ڕەشەمەی ١٣٦٨ هەتاوی

---

لە سروەی ژمارە ١٠٣ـ ١٠٤دا بڵاو بۆتەوە.





# هەوای شێعر

ڕۆحی پەپوولەی دڵەکەم چۆتە چنینی غەزەل
وێڵە لە دووی تیشکی بزەی خۆری بە تینی غەزەل
هەر لە فڕینایە هەتا رادەچەنێ بووکی خۆر
تا بە نیگای هەڵبگرێ مۆمی گرینی غەزەل
نیشتەوە سەر چاوی خەیاڵ، سێبەری شەوگاری مۆن
خۆزگە تەلسمی دەشکاند تیشکی ئەوینی غەزەل

چنگی درێژ کردووە بۆ باخی ئەوینم، خەزان
هاتووە تاکوو بکولێنێتۆ برینی غەزەل
بولبولی دڵ ئەشقی لە دەس دەرچووە دەگری بە کوڵ
پەلکی گوڵێکم دەوێ بۆ پێلوو سڕینی غەزەل
دەوری دڵمیان تەنی قاژووی کەسەر و ژان و داخ
خۆزگە دەتاران بە شەقەی باڵی شەهێنی غەزەل
تا وەکوو ئیلهام و خەیاڵ یەکدی لە باوەش نەکەن
هەنگی دڵم تینووە بۆ کوڵمە مژینی غەزەل
تا لە دەماری دڵەکەمدا دەگەڕێ خوێنی حەز
هەر لە سەرمدایە هەوای تاسەشکێنی غەزەل

بەفرانباری ١٣٧٣ هەتاوی





## دیاری

چاوی دڵ بخشێنە لەو شێعرەی کەوا ناردوومە بۆت
هەگبەیەک خونچەی چنی هەستم، بەوا ناردوومە بۆت
شەو بە تاڵی بسکی زێڕینی برووسکەم هۆنییەوە
گوڵوشەی ئەو شێعرە چاو پڕ ئەشکە وا ناردوومە بۆت
پڕ لە رازی ئەشقە ناخی کەیلی ئازارم، شێعر
زامی بێ هەتوانی دڵمە و بۆ شیفا ناردوومە بۆت

دێتە چاوم خەو لە سەر داوێنی کیژی شێعر و، دڵ
پڕ لە وازە و وابە رێی خەون و روحا ناردووومە بۆت
ئەو حەز و تاسەی لە دڵما بۆ ئەوینت جەم دەبێ
کاتی دیتن هەر بە شاباڵی نیگا ناردووومە بۆت
ناخی شێعرم پڕ خەیاڵی سەوزی پێوەندە و، ئەوا
ئەم دڵەم تینووی ئەوینە و بێ ریا ناردووومە بۆت

خەزەڵوەری ١٣٧٣ هەتاوی

---

لە سروەی ژمارە ١١١ـ ١١٢دا بڵاو بۆتەوە





## دەردی دووری

تەنیایی کە تۆزی خەفەت ئەپژێنێ بەڕووما
هاواری دڵی شێعرم ئەتاسێ لە گەرووما
فرمێسکی قەتیس ماوی دڵی پڕ لە کوڵ و کۆم
دەتکێ لە چەمی سەوزی وشەی دڵپڕی ئەوشۆم
کوڵمەی وشە بە خوێنی دڵم گشتی شەڵاڵن
ئیلهام و حەز و هەست لەگەڵم ئەوشۆ دەناڵن

با ئەوشۆ لە سەر گۆڕی شێعر دەستکەمە شیوەن
کەم کاتەوە بەڵکوو کوڵی ئەم سینەمە شیوەن
پڕ رۆندکە چاوی قەڵەمم ئەوشۆ لە دووریت
نامۆیە وشەی حەز لە دەمم ئەوشۆ لە دووریت
ئەی گوڵ وەرە با دامرێ سۆز و کوڵی سینەم
گڕ بەردەمە جەستەی کەسەر و مەینەت و ماتەم
با سەر کەمە سەر سینگ و بەرۆی نەرم و نیانت
بپژێ لە نیگام تیشکی گەش و پاکی چەمانت
ژان و خەفەتی دووری دەتارێ بە ئەوینت
هەتوانە لە بۆ زامی دڵم لەحزەیە دینت
دڵ ئەوشۆ لە سەر سکڵی خەمی دووری دەبرژێ
نەینووکی خەیاڵم بە تەوژمی خەم ئەچرژێ
بەس تۆوی جودایی لە دەروونما بوەشێنە
ئەم دڵمە بە پشکۆێ خەم و داخا بچزێنە
سامناکە بە بێ تۆ مەزڵم بەسیە جودایی
بێزارە لە ژین کۆتری دڵم بەسیە جودایی

پوشپەڕی ١٣٧٣ هەتاوی

---

رۆندک: فرمێسک، ئەسرین





## لە کووچەی سەوزی ئیلهاما

شەوە و نوقمی خەیاڵی تۆم، لە کووچەی سەوزی ئیلهاما
لە سۆت دڵ پڕ لە ژان و سۆم، لە کووچەی سەوزی ئیلهاما
لە ژێر میچی شەوا وێڵە بەدووی یەک چەپکە پڕشنگا
پەپوولەی رۆحی تامەزرۆم، لە کووچەی سەوزی ئیلهاما
لە کانیاوی زوڵاڵی خوشەویستیت هەڵدەکێشم، گەر
خەیاڵت بێتە جێژوان بۆم، لە کووچەی سەوزی ئیلهاما

ئەوین میوانی گۆوەندی خەیاڵی ئەمشەوە بۆیە،

ئەمن هەر چاوەنۆڕی دۆم، لە کووچەی سەوزی ئیلهاما

کەلەپچەن پەنجەم و توند بوون لە زەندی ناسکی پێنووس

شەوەو خۆم بوومە بەندی خۆم لە کووچەی سەوزی ئیلهاما

دەمی ئاویلکەدانیشم لە سەر سینەی خەیاڵی تۆ

کە مردم، هەڵکەنن گڵکۆم، لە کووچەی سەوزی ئیلهاما

لە سەر کۆشی خەمی تەنیایی ئەمشەو هێندە گریاوم

تنۆکێ شەونەمی شەوبۆم، لە کووچەی سەوزی ئیلهاما

لە نێو گێژی شەپۆلی ئەشکی یادتادا دڵم دیلە

شەوە و نوقمی خەیاڵی تۆم، لە کووچەی سەوزی ئیلهاما

ڕەشەمەی ١٣٧٤ هەتاوی





# دڵی تینوو

تاکوو کەی دڵ شێت و تینوو و هەڵوەدا بخولێتەوە

چەشنی ئەسکەندەر لە دووی ئاوی بەقا بخولێتەوە

تۆ بڵێی بادەی ئەوینی تۆ بنۆشێ وەک خزر؟

یا دەبێ لێو وشک و تینوو هەروەها بخولێتەوە؟

تا بەکەی ژینم خەزانی سەرد و زەردەڵ بێت و، دڵ

هەر لەگەڵ باگەڕ وەکوو بەرگ و گەڵا بخولێتەوە؟

دڵ لە زەریای پڕ شەپۆلی خەم وەکوو گەمیەی شکاو
تا بەکەی بۆ ڕۆخی ئاوات و سەفا بخولێتەوە؟
هەڵدەسووڕێ ڕۆژ و شەو بە شوێن ئەوینا ئەم دڵەم
ئەی خودا تا کەی غەریب و بێنەوا بخولێتەوە؟

خاکەلێوەی ١٣٧٠





# دڵ

هەتا یاری شەوم بووی سینەکەم ماڵێکی ئاوا بوو
لە نێوی‌دا دڵم هەر وەک گوڵۆپی کارەبا وا بوو
بەڵام ئێستا کە جێت‌هێشتووم وەکوو ژوورێکی ڕووخاوە
بەجارێ پەنجەرە و دەرک و هەڵاشی میچی پۆکاوە
بە کڵپە و دووکەڵی ئاهم قورم دیواری پۆشیوە
دڵیش وەک شەمشەمە کوێرە سەرەوبن خۆی هەڵواسیوە*

ڕەشەمەی ١٣٧٠

× لەم دێڕەدا کێش کراوەتە قوربانیی مانا.

# شۆڕەکاتی دڵ

که پرشنگی نیگای گەرمت لە ژینم دوور و پیوارە
لە لام تار و کڕ و پرسامە وەک شەو، رۆژی ئەم شارە
کە رۆیشتی بە جارێ بوو بە سەرماوەز بەهاری دڵ
ئەوانە و رۆژی ئەشقم وەک خەزانی مات و خەمبارە
بەجێی حەو سین لەسەر سفرەی دڵی خەمباری من بێتۆ
کوڵ و داخ و خەم و ژان و هەنیسک و ئەشک و ئازارە





لە سۆت گوڵجاڕ و باخی دڵ بە وێنەی شۆڕەکاتێکە
بیابانی حەزم پۆشراوی چقڵ و پێکوڵ و خارە
گوڵم! پەرژینی بسکت بۆ دەخنکێنن نیگاکانم،
کەچی گوڵزاری روخسارت سەفاگای چاوی ئەغیارە؟
شەقاوی ئەشقی تۆ گەرچی بڕیی رێگای جەفاکاری
دڵی من رێبواری رێی وەفا و پەیمان و بڕیارە
کە کۆچت کرد لە جیهانی ئەوینم، ئارەزووی ژینم
«ئەمین»ت ئیتر هاوالی کوڵ و گریان و هاوارە

خاکەلێوەی ١٣٧١

# تەوری ئەجەل

بۆ خاڵەمین

**دایکی شێعری تەڕ هەمیسان هەڵکزا جەرگی بە خەم**
**چەپکەنی سووری دڕی، ڕەش هەڵگەڕا بەرگی بە خەم**
**باخی دڵ ژاکا لە تاوی کۆچی ناتۆرێکی تر**
**کەوتە ناخی بولبولی دڵ زام و ناسۆرێکی تر**
**تەوری بێڕەحمی ئەجەل وا عەرعەرێکی کەی بڕی**
**چنگی پایز بەرگی بووکێنیی بەهاری دادڕی**





**کەپری نێو باخی ئەدەب ئازار و ژانی تێخزا**
**بۆیە جەرگی پەڕپەڕۆک و قومری خوێنی تێچزا**
**لاپەڕەی دڵمی لە تۆز و خۆڵی خەمدا کرد نوقم**
**نیشتە سەر پەلکی گوڵاڵەی شێعرەکەم شەختە و زوقم**
**گەرچی مۆچڕکێ دەلەرزێنێ دەروونی پڕ تەزووم**
**ئاگری بەرداوەتە گیانی سڕم، کڵپەی پشووم**
**خەم وەکوو ئالینک بە بەژنی داری حەزما هەڵگەڕا**
**بۆیە شابسکی نەمای ئارەزووم زەرد هەڵگەڕا**
**دڵمی داخورپاند هەواڵی تاڵی کۆچی «خاڵەمین»**
**بۆیە ئەشک ئەڕژێ لە چاوی سەوزی پێنووسی «ئەمین»**

خاکەلێوەی ١٣٧١

---

ناتۆر: باخەوان

ئالینگ: باداک، گیایەکە لە دار دەهاڵێ

# تەنیایی

تەک و تەنیام و ماڵم هەروەکوو گۆڕێکی تەنگ وایە
کپ و تارە و تەنانەت دەنگی سیسرکیشی لێ نایە
تەنیویە داوی جاڵجاڵووکە تاقە و پەنجەرە و میچی
بە سەرما قورم و تۆز و خۆڵ ئەبارێنێ بە شەو میچی
تەزوویێکی بەژان هەر دەم لەشی سڕ بووم دەلەرزێنێ
هەناسەی سەردی خەم بسکی خەیاڵم لێ دەشێوێنێ





هەڵەستم ژووری سامناک و کڕی تەنیایی جێ دێڵم
بەرەو جێژوان دەچم تاکوو بتارێنم شەوی لێڵم
شەوێکی ماتی پاییزە و کەژ و کۆ پاکی رەشپۆشن
لەسەر سنگی رەشی ئاسۆ نیگای ئەستێرە خامۆشن
بەڵام پرشنگی ئەشق و حەز دەبێتە مۆمی رێتارم
دەچم تا هەڵمژم عەتری وەنەوشەی بسکی دڵدارم
دەچم تا وەشتی ئەسرینم بشۆرێ تۆزی جێژوانم
بسووتێنێ گڕی هیوا و ئەوین، داخ و کوڵ و ژانم
بە سەر باخی خەزمدا ئەشکی دڵشادی ببارێنم
لەسەر ئاوێنەکەی دڵ ژەنگ و غەوری خەم بتارێنم
دەروونم بەڵکوو دامرکێ گڕی ناسۆر و ئازاری
شەوی پرسامی تەنیایی فەرامۆش کەم بە یەکجاری

رەزبەری ١٣٧١

# شایی ماتەم

فریشتە ناز شێواوەکەم!

کاتێ گڕی زۆرەملی

باڵی ناسکی پەپوولەی تاسەکانتی هەڵپرووزاند

گێژەڵووکەی ناهۆمێدیش

مۆمی ئەشقی منی خنکاند!





لە شایی کۆچی سوورتدا

کە ڕەشبەڵەک دابەسترا

بێ هەستەکان پێیان وابوو دیلان و بەزم و چۆپییە

بەڵام من و تۆی ناهومێد

دەمانزانی

شایی داخ و نەگبەتییە

ئەو ڕەشبەڵەکەی گیراوە:

پەلکە ڕەنگینەی ماتەمە و

بە بارانی فرمێسکی ئێمە خوڵقاوە.

ڕەزبەری ١٣٧٢ هەتاوی

# راز

لە مێژەوە کۆتری دڵم هەڵفڕیوە،

بەرەو دارستانی ئەشق و

لە سەر لقێکی رووتەڵەی،

پیرەداری ئەوینداری نیشتۆتەوە!

لەوکاتەوە ئاوارەیە

نەرەنگی بەهاری دیوە،





نە هێلانەی چێ کردووە.

خۆزگە رۆژێ پشووی ئەوین

لاپەڕەی تۆزاویی سروشت هەڵداتەوە

پەنجەی گەرم و گوڕی ئەشق

دەربیجەی هەڵپێکراوی رکەی سینگت بکاتەوە،

تا کۆتری نووستووی دڵت

هەڵفڕێت و

رووبکاتە ئەو دارستانە

کە کۆتری دڵی تەنیام لە نێویدا سەرگەردانە.

گەلاوێژی ١٣٧٢ هەتاوی

## «بەڵگە» ١

گەرچی تۆفان
ڕێبوارێکی سەربزێوە و
روو لە هەر جێگایە بکا
شوێنی پێکەی وێرانەیە
کەچی ئەمن خۆشم دەوێ!





بۆیە تۆفانم خۆشدەوێ،
پشتی دارە لووت بەرزەکان
دەچەمێنێ و
کڕنۆشیان پێ دەبا بۆ خاک!
خەوی لیخن لە چاوی گۆم و زەریاکان
دەڕەوێنێ و
سنگیان دەکاتە ڕێبازی
هەزاران شەپۆلی بێ باک!!

ڕێبەندانی ١٣٧١ هەتاوی

## «شۆڕش» ٢

گەرچی شۆڕش

ناخی لە ئازار و خەم و مەرگ پڕە،

ئاوێنەیەکە و دەروونی

جۆگەی خوێن و زام و گڕە.

کەچی ئەمن خۆشم دەوێ!





بۆیە شۆڕشم خوش دەوێ،

دڵ و ڕۆحی ئینسانەکان

لە بەژنی داری ئازادی

دەهاڵێنێ وەکوو باداک.

مناڵەکان وا رادێنێ

لە نێو مێحرابی شەڕەفدا

کڕنۆش بەرن بۆ ئاو و خاک!

# ئیلهام

کە گێژەڵووکەی ئازارێک
لوول دەبێت و
خۆی لە قامیشەڵانی چڕی ئەندێشە و
هەست و خەیاڵی ئاڵۆزم دەهاڵێنێ و
ئەژنۆی شلکی
قامیشی ئارەزوویەکم دەشکێنێ!
پەنجەی سەوزی ئیلهامێک هەڵیدەگرێت و





لە دەشتی زەنوێری دڵما
لە گوێ جۆگەی دەمارێکا دەیڕوێنێ!
ئێستا دڵم
بۆتە قامیشەڵانێک و
لە ژێر هەر قامیشێکیشدا
شوانە شێعری لێی خەوتووە
لەگەڵ هەست کردنی هەر ژان و بریسک و موچڕکێکدا
رادەچەنن
هەرکامەیان
لێویان دەنێن بە لێوی قامیشێکەوە و
ئاهەنگی بەسۆزی هیوا و ئەوین دەچڕن
هەرکە سۆزەی دڵبزوێنی ئاهەنگەکان دەبن بە زایەڵە و
پەردەی گوێچکەی دارستانی کڕ و کپی ژینم دەدڕن!
قەلەڕەشکەی خەمەکانم
کە هەموو سەرلقەکانی داری مێشکمیان کردووە بە هێلانە
لە شەقەی باڵ دەدەن دەفڕن!

خەزەڵوەری ١٣٧٢ هەتاوی

---

لە ئاوێنەی ژمارە ١٩ـ ٢٠دا بڵاو بۆتەوە

# هەواڵ

بۆ هاوڕێی کۆچکردووم

«ڕەحمان تەرەغە»

**کە ڕەشەبای پشوو سواری**

**ئێوارەی ڕەنگ بزرکاوی خۆزگەکانمان**

**هەواڵی هەڵپرووکانی**

**گوڵی ئەوینمانی هێناو**

**چرپاندی بە گوێچکەی دڵما**

**موچڕکێکی سڕ لە جەستەی کزم هاڵا و**





**بریسک و ژان**

**وەکوو بزمار**

**کوتران بە یەسکەکانمدا**

**لەتاو کۆچی دڵتەزێنت!**

**لەو کاتەوە**

**بزە:**

**کۆترێکی لانەوازە و**

**پەنا بۆ هێلانەی لێوم ناباتەوە!**

**شادیش:**

**کارمامزێکی زامار و تەرەدوایە و**

**روو لە چیای سەوزی رۆحم ناکاتەوە!**

## باداک

دار کە باداک خۆڵە باڵای دەهاڵێنێ
ترس، ڕەنگی گەشی هەڵدەبزرکێنێ
بەڵام ئەمن ئارەزوومە ببم بە دار
ئەتۆش ببی بە باداکم و
باڵات لە باڵام هاڵێنی
ئەو کاتەیە
ڕەنگی زەردەم گەش دەبینی!

ڕەشەمەی ١٣٧٣ هەتاوی

---

باداک: جلە، گیایەکی زەردی باریکە لە دار دەهاڵێ





## چاوەڕوانی

دڵی من پەپوولەیەکی باڵ تەزیوە
لە سووچێکی کۆڵانێکا نیشتۆتەوە
چاوی لە دەرکێک بڕیوە
کە وێنەی باڵەکانی خۆی بەستراوە
بڵێی ڕۆژێ دەستی ئەوین بیکاتەوە؟

لە نێوان هەر دوو باڵییەوە
خۆرەتاوێک سەر دەرێنێ و
باڵی گەرم بکاتەوە
تا هەڵفڕێ و
بەرەو دنیای سەوزی هیوا
بڕواتەوە؟!

بانەمەڕی ١٣٧١ هەتاوی





## ڕێچکەی نیگا

هەموو شەوێ
تیشکی نیگای چاوەڕوانم
دڵی ڕەشی شەو دەسمێ و
لە دڵمەوە
تاکوو مەکۆی تاسەکانم
ڕێچکەیەک دروست دەکا

تا ڕێبواری ماندووی خەیاڵ

پێیدا بچێ و

لە جێژوانی گوندی حەزا،

لە ئامێزی گەرمی کیژی ئارەزوودا،

لە ژێر باڵی نەرم و زێڕینی شێعرێکا،

پشوو بدات و بسرەوێ

ڕێبەندانی ١٣٧١